IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT
Kurdistan-hawler
Kurdistani Fraction

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر
فراکسیۆنی کوردستانی

No: ژمارە: ٤٣
Date: تاریخ: ٢٠١٠/٤/١٤

## بۆ/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
## بابەت/ پڕۆژەی بڕیار

سلاوو ڕێزمان

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هاوپێچمان گەلاڵە کردووە بەناوی

(دەربارەی کارەسات و ڕابوونی ٢٤ی ٤ی قەڵادزێ)

تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**هاوپێچ/**

پڕۆژەی بڕیارەکە.

١. د. حسن محمد سوورە
٢. عبدالله ملا علی
٣. عمر نورەدینی
٤. د. رفیق صابر
٥. سۆزان شهاب
٦. دلشاد شهاب
٧. [illegible]
٨. [illegible]
٩. گەشە دارا حفید
١٠. قادر حسن قادر

**سۆزان شهاب نوری**
**سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار:**

**مێژووی بڕیار:**

## بڕیاری ژمارە (   )ی ساڵی ٢٠١٠

## دەربارەی کارەسات و ڕابوونی ٢٤ی ٤ی قەڵادزێ

پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (   ) ڕۆژی            ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:-

**یەکەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیریو کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانەوە مۆنۆمێنتێك بەناوی (مۆنۆمێنتی ٢٤ی ٤ی قەڵادزێ- کارەساتو ڕابوون) لەقەڵادزێ دروست دەکات.

**دووەم:** ڕۆژی (٢٤/٤) لەهەرێمی کوردستان دەبێتە ڕۆژی زانکۆو لەو ڕۆژەداو بەیادەوە چالاکی هونەریو زانستیو رۆشنبیریو مەدەنی لەلایەن زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە ساز دەدرێن.

**سێیەم:** وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو یادە لەشێوەی وانەیەکی داڕژاو بەشێوەیەکی بابەتیانەو زانستیانە لەسەر بنەمای زانیاری ووردو دروست ئامادە دەکاتو دەیخاتە ناو بەرنامەکانی خوێندنی وانەی مێژوو لەیەکێك لەقۆناغەکانی خوێندن.

## هۆیە پێویستییەکان

ڕۆژی (٢٤/٤/١٩٧٤) ڕژێمی بەعس لەعێراق لەڕێگای هێرشی ئاسمانی بەفڕۆکەی جەنگیو چەکی ناپالم، شاری قەڵادزێی بۆمباران کرد، لەو هێرشە سەربازیەدا سەنتەری شارو بازاڕو قوتابخانەو گەڕەکی دانیشتوانی مەدەنیو بارەگای سەرەکیو هۆڵەکانی

خوێندنی زانکۆی سلێمانی کە ئەوکات لەسایەی شۆڕش‌و سێبەری ئازادیدا لەقەڵادزێ درێژەی بەتێکۆشانی زانستی‌و مەعریفی دەدا، کردە ئامانج‌و نیشانە کە هەموویان ئامانج‌و نیشانەی مەدەنی بوون نەك سەربازی، لەئاکامی ئەو هێرشە دژە مرۆیی‌و ناکۆك دەگەڵ جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤو پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە سیاسی‌و مەدەنی‌و رۆشنبیریەکان‌و بیرو بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی‌و باوەڕی ئاینە ئاسمانیەکان، زیاتر لە (١٣٠) کەس لەهاوولاتی مەدەنی شەهید بوون‌و نزیکەی (٣٠٠) یشیان لێ برینداربوون. لەرۆژی (١٩٨٤/٤/٢٤) لەساڵیادی ئەو کارەساتە خوێناویەدا دەڤەری پشدەرو شاری قەڵادزێ بەڕابوون‌و خۆنیشاندانێکی مەدەنیانەو داخستنی دوکان‌و چۆڵکردنی بازاڕو ڕێپێوان بۆ سەر مەزاری شەهیدان یادی ئەو کارەساتەیان کردەوە، کەچی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەوسا بەچەك‌و گوللەو گرتن‌و لێدان‌و زیندانیکردن‌و کوشتن‌و برین وەڵامی ئازادیخوازانی دایەوە، ودیسانەوە قەڵادزێ قوربانی بەخشی کە بریتیبوو لەدوو شەهیدو دەیان بریندارو پۆلێك لەزیندانی، لەپێناو زیندوو هێشتنەوەو بەرز ڕاگرتنی ئەویادە بەسوێیە لەکۆهەستی نەوەی نوێ‌و تاك‌و کۆمەڵگای کوردەواری‌و کردنی کارەساتەکان بە بەشێك لەناسنامەی نەتەوەییمان‌و وەك نیشانەیەك بۆ ئازادی پەروەری دانیشتوانی قەڵادزێ‌و پشدەرو بەنەفرەت کردنی دیکتاتۆریەت‌و ستەمکاری، ئەم بڕیارە دەرکرا.

# بڕیاری ژماره (    ) دەربارەی کارەسات و ڕابوونی ٢٤ی ٤ی شاری قەڵادزێ

ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ڕێگای هێرشی ئاسمانی بە فڕۆکەی جەنگی و چەکی ناپالم ،شاری قەڵادزێی بۆمباران کرد ، لە و هێرشە سەربازیەدا سەنتەری شارو بازاڕو قوتابخانە و گەڕەکی دانیشتوانی مەدەنی و بارەگای سەرەکی و هۆلەکانی خوێندنی زانکۆی سلێمانی کە ئەوکات لە سایەی شۆڕش و سێبەری ئازادیدا لە قەڵادزێ درێژەی بە تێکۆشانی زانستی و مەعریفی دەدا ، کردە ئامانج و نیشانە کە هەموویان ئامانج و نیشانەی مەدەنی بوون نەك سەربازی ، لە ئاکامی ئەو هێرشە دژە مرۆیی و ناکۆك دەگەڵ جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلی نێو دەولەتی تایبەت بەمافە سیاسی و مەدەنی و ڕۆشنبیریەکان و بیرو بنەماکانی یاسای گشتی نێودەولەتی وباوەڕی ئاینە ئاسمانیەکان ، زیاتر لە (١٣٠) کەس لە هاووڵاتی مەدەنی شەهید بوون و نزیکەی (٣٠٠) یشیان لێ بریندار بوون ، لە ڕۆژی ١٩٨٤/٤/٢٤ لە ساڵیادی ئەو کارەساتە حوێناویەدا دەڤەری پشدەر و شاری قەڵادزێ بە ڕابوون و خۆنیشاندانێکی مەدەنیانە و داخستنی دوکان و چۆڵ کردنی بازاڕ و ڕێپێوان بۆ سەر مەزاری شەهیدان یادی ئەو کارەساتەیان کردەوە ، کەچی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەوسا بە چەك و گوللە و گرتن و لێدان و زیندانیکردن و کوشتن و بڕین وەڵامی ئازادیحوازانی دایەوە ، و دیسانەوە قەڵادزێ قوربانی بە حشی کە برتیبوو لە دوو شەهیدو دەیان بریندارو پۆلێك لە زیندانی ، لەیادی کارەسات و خۆنیشاندانی ٢٤ی ٤ی شاری قەڵادزێ و دەڤەری پشدەردا ، بۆ زیندوو هێشتنەوەو بەرز ڕاگرتنی ئەویادە بە سوێیە ، پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا :

١- بەمەبەستی هێشتنەوەی ئەو یادە بەزیندوویی لە کۆهەستی تاك و کۆمەلگای کوردەواری ، وەوەك نیشانەیەك بۆ ئازادی پەروەری قەڵادزێ ، وەبەنەفرەت کردنی دیکتاتۆریەت و ستەمکاری ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و شەهیدان و ئەنفال کراوەکانەوە مینۆ مۆنتێك بەناوی ( مینۆمۆنتی بیستوچواری چوار کارەسات و ڕابوون ) لە شاری قەڵادزێ درووست دەکات .

٢- ڕۆژی ٢٤ی٤ لەکوردستان دەبێتە ڕۆژی زانکۆ و لەو ڕۆژەدا و بەو یادەوە چالاکی هونەریو زانستی و ڕۆشنبیری و مەدەنی لەلایەن زانکۆکانی کوردستانەوە سازدەدرێن .

٣- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئەو یادە لە شێوەی وانەیەکی داڕژاو بەشێوەیەکی بابەتیانە و زانستیانە و دولەمەند بەزانیاری وردو دروست ئامادە دەکات و دەیخاتە ناو بەرنامەکانی حوێندنی وانەی مێژوو لە یەکێك لە قۆناغەکانی خوێندن .